قەدەغەی مەکەن لەسەر هیچ یەکێک: تەواف بکات بە دەوری ئەم ماڵەدا (بە دەوری کەعبەدا)، ونوێژی تێدا بکات (لە نێو مزگەوتی حەرام) لە هەرکاتێکی شەو یان ڕۆژ بیەوێت

لە جوبەیری کوڕی موتعیمەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «قەدەغەی مەکەن لەسەر هیچ یەکێک: تەواف بکات بە دەوری ئەم ماڵەدا (بە دەوری کەعبەدا)، ونوێژی تێدا بکات (لە نێو مزگەوتی حەرام) لە هەرکاتێکی شەو یان ڕۆژ بیەوێت».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە - دارەمی گێڕاویەتیەوە]

ئەم وتارە بۆ ئەوانەیە بەرپرسیارن سەبارەت بە کاروبار وگرنگیدان بە مزگەوتی حەرام، ولە سەردەمی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- وتارەکە بۆ بەنی عەبدمەنافە: مافی ئەوەتان نییە کە قەدەغەی بکەن لەسەر هەریەکێک بیەوێت تەواف بکات بە دەوری ماڵی خوادا (بە دەوری کەعبەدا)، یان نوێژی تێدا بکات (نوێژ لە نێو مزگەوتی حەرامدا بکات) لە هەرکاتێک بیەوێت لە شەو یان ڕۆژدا، ونوێژکردن لێرەدا مەبەست دوو ڕکاتی تەواف کردنە، وهەروەها هەندێک نوێژی تریش دەگرێتەوە؛ ولە نێویانیشدا نوێژی (تحية المسجد) ئەو دوو ڕکاتەی لە کاتی چوونە نێو مزگەوت ئەنجامدەدرێت وهەروەها ئەو نوێژانەی بەهۆی هۆکارەکانە ئەنجامدەدرێن؛ وفەرمووەکە ڕێنمونیێنیە بۆ ئەوانەی بەرپرسیارن لەسەر کاروباری مزگەوتی حەرام بۆ ئەوەی ڕێگر نەبن لەوەی خەڵکی نوێژ بکات وتەواف بکات لە مزگەوتی حەرامدا هەرکاتێک بیەوێت، بەڵام ئەو کاتانەی نەهی کراوە نوێژی سونەتی نادیاریکراوی -مطلق-ی تێدا ئەنجامبدرێت وەکو خۆیەتی هەروەکو لە فەرموودەی سەحیحی زۆری تردا هاتووە وتەنها ئەم فەرموودەیە بەڵگە نییە (جمهورە بۆئەوەی ئەو نەهی کردنە نەمێنێت لە مزگەوتی حەرامدا وئەمیش ڕای کۆی زانایانە).

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10607